

تامەزرۆ
تامەزرۆی ئاسمانی ڕەشو جریوەی ئەستێرەکانم
کام نەیزەك بو کە دایبڕیم لە گشت خۆشەویستەکانم
لە جیهانی خەندەو خۆشی لە ناو قاقای پێکەنینا
کام بو لە پەڵە هەورەکان باری بەسەر شاری شینا
ئاشقێکی مەستی ژینم سەرلێشێواو دێمو دەڕۆم
ڕۆژێك نییە بەو داخەوە فرمێسکی خۆم وەك مەی نەخۆم
جەستەی ماندوم کەشتی یەکە بۆسەر شەپۆلی دەریای ژین
قرژەکانیش دەوریان داوم، ئاخۆ کامیان زۆر بۆم برسین....
دایکی ئێما